**بەش: مێژوو**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ: سەلاحەدین / هەولێر**

**بابەت:  زلهێزەکان**

**پەرتووکی کۆرس: (ساڵی ٤) (6 کاتژمێر)**

**ناوی مامۆستا: پ.ی.د. کامران محمد حاجی**

**بکالوریوس: کۆلیژی ئەدەبیات/بەشی مێژوو، ١٩٩٧/٧/٧**

**ماستەر: کۆلیژی ئەدەبیات/بەشی مێژوو، ٢٠٠٦/٦/١٧**

**دکتۆرا: کۆلیژی ئەدەبیات/بەشی مێژوو، ٢٠١٣/٧/٢٣.**

**ساڵی خوێندن:  (٢٠٢٣-٢٠٢٤)/کۆرسی دووەم**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | زلهێزەکان |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.ی.د.کامەران محمد حاجی |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | بەشی مێژوو/ کۆلیژی ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: **kamaran.haji@su.edu.krd** |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٦ کاتژمێر |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ٦ کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بە **Webpage, Blog, Moodle** دەکات<br><br>**پرۆفایلی مامۆستا :**<br>– ناوی تەواو: کامران محمد حاجی جوکل.<br>– شوێن و بەرواری لەدایکبوون: هەولێر ١/٧/١٩٧٤.<br>– خوێندنی سەرەتایی ١٩٨٠–١٩٨٦،قوتابخانەی بەختیاری کوڕان.<br>– خوێندنی ناوەندی ١٩٨٦–١٩٨٩،ناوەندی ئیبن خەلەکانی کوڕان.<br>– خوێندنی ئامادەیی ١٩٩٠– ١٩٩٣،ئامادەیی ئازادی کوڕان.<br>–خوێندنی بەکالۆریۆس ،بەشی مێژوو،کۆلیژی ئەدەبیات/زانکۆی سەلاحەددین ١٩٩٣–١٩٩٤/١٩٩٦–١٩٩٧.<br>– خوێندنی بالاَ ( ماستەر) ٢٠٠٤–٢٠٠٦.ماستەر لە مێژووی نوێ .<br>– خوێندنی بالاَ (دکتۆرا) ٢٠٠٩–٢٠١٣. لە مێژووی نوێ.<br>**پاشخانی زانستی و بواری پسپۆری**:ماوەی نزیکەی شەش ساڵ خزمەتم لە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە هەیە ، بەگشتی وانەی کۆمەلآیەتیم دەگوتەوە . لەچەند خولێکی بەهێزکردندا بەشداریم کردووە . هەروەها بەشداریی کردەییم هەیە لە پێشکەشکردنی وانەی نموونەییدا لەسەر ئاستی پەروەردەی هەولێر/٢ دا .لە وەتەی ١٦/٦/٢٠٠٧ یشەوە هاتوومەتە سەرمیلاکی وەزارەتی خوێندنی بالآ.بەشداریم لەخولی بەهێزکردن و ڕێگاکانی وانەگوتنەوەدا کردووە . بواری پسپۆرییەکەم ( مێژووی نوێ ) یە ، پسپۆری وردیشم لە بواری مێژووی کوردستانە لە نێو ململانێ و ڕکابەرێتی ولآتە |

| | |
|---|---|
| زلهێزەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا.<br>ناونیشانی ماستەرنامە:( کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠–١٩٠٠ ) –لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی– .<br>–ناونیشانی تێزی دکتۆرا: (کوردستانی عوسمانی لە سیسەتی بەریتانیادا لە سەدەی نۆزدە/لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی).<br>**لە بەرهەمەکانم :**<br>– کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتیدا ١٨٠٠–١٩٠٠ –لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی– ، ( کتێب ) ، ٢٠٠٧.<br>– چەردەیەکی خێرا لەبارەی مێژووی قوبرس تاکو ساڵی ١٩٧٤ ( توێژینەوە ) ، گۆڤاری مێژوو ،ژ ٢ ، بەهاری ٢٠٠٧ .<br>– کێشەی لیوای ئەسکەندەرونە ١٩١٥–١٩٣٩ (توێژینەوە)،گۆڤاری مێژوو، ژ ٤ ،پایزی ٢٠٠٧ .<br>– کوردستان لە یاداشتی چەند گەڕیدەیەکی ڕووسیدا ( وەرگێڕان ) ، گۆڤاری مێژوو ، ژ ٩ ، زستانی ٢٠٠٩ .<br>– زەوی و گەل و یاسا ( وەرگێڕان ) ، گۆڤاری مێژوو ، ژ ١٣ ، زستانی ٢٠١٠.<br>– کوردستانی عوسمانی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم تا ساڵی ١٩١٨ – لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی–) ، توێژینەوە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژ: ١٩ ، ٢٠١١ .<br>–مەمدوح سەلیم بەگی وانلی(١٨٩٣–١٩٧٦)/ژیانی و چالاکییە سیاسی و رۆشنبیرییەکانی، توێژینەوە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ: ٤٢، ٢٠١٨.<br>–شاری هەولێر لە یادداشتی گەڕیدە ئەوروپاییەکاندا لە سەدەی نۆزدەهەمدا، سایتی زانکۆی سەلاحەددین.<br>–شاری کەرکوك لە نووسین و یادداشتی بیانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا(توێژینەوەیەکە لە باری دیمۆگرافی و ئاوەدانی)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین.<br>–کەرکوك و هەولێر لە یادداشتەکانی( ئەدۆلفۆ ریفادینیرا)ی ئیسپانیدا، گۆڤاری مێژووناسی ژمارە(٢) پایزی ٢٠٢٢ .<br>**ڕوونکردنەوەی کەسیی:**<br>یەکێك لە پرنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی زانیاریی مەعریفی بۆ مامۆستاکان ، بریتییە لە سوودمەندبوونی مامۆستا لە سەرچاوەی نوێ و تەکنەلۆژیای تازە (وەکو ئەنتەرنێت ) لەپێنا و گەیاندنی پەیامی پێویست و | |

| | |
|---|---|
| | زۆرترین زانیاری سوودبەخش بە قوتابیان. هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و داتاشۆ بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری پەیامەکان و گەیاندنیان بە قوتابیان .بەشداربپێکردنی زۆرترین ژمارەی قوتابیان لە وانەکان و پێشکەشکردنی سیمینار و ئەنجامدانی ڕاپۆرت بەشێوەی گرووپ وەکو چالاکی سالانە.<br>**کۆرس و بواری پسپۆری:**<br>بە لەبەرچاوگرتنی بواری پسپۆری و زانیارییەکان، کۆرسی دووەمی ئەمسالی خوێندن (٢٠٢٣-٢٠٢٤) کە بریتییە لە ( **زلهێزەکان** ) لە پۆلی چوارەمی کورد،سەبارەت بە مێژووی ولاتە زلهێزەکان و گرنگترین ئەو پەرەسەندنە مێژووییانەی کەوا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانییدا هاتوونەتە ئاراوە، وەکو ئەو پێشهاتە گرنگانەی پەیوەندییان بە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانەوە هەبوو . هەروەها ئەو سیستم و ئایدولۆژیا شموولییانەی لە نێوان هەردوو جەنگدا سەریان هەڵدا، لەگەڵ هۆکار و دەرەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهان و ئەو پەرەسەندن و ڕووداوانەی کەوتنە ژێر کاریگەری ململانێی نێوان زلهێزەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا، بەتایبەت لە میانەی بەرێوەچوونی جەنگی سارددا. ئەمانە و خستنەڕووی زانیاری تازە بە ڕەچاوکردنی توانای تێگەیشتنی قوتابیان و هۆکاری کات و شوێن. |
| ٩. وشە سەرەکییەکان | **زلهێزەکان، بریتانیا، شۆرشی ئۆکتۆبەر، ودرۆ ولسن، پەیماننامەی فرسای، کۆمەڵەی میللەتان، قەیرانی ئابووری جیهانی، نازی ، فاشی، جەنگی سارد.** |

## ١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

- گرنگیی بەرچاوڕوونکردنی قوتابیان و ئاشناکردنیان بە هەلومەرجی چەند ولاتێکی زلهێزی جیهانی وەکو :بەریتانیا ، ڕووسیا ، فەڕنسا ، ئەلمانیا ، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ژاپۆن ...هتد ، لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا (١٩١٤-١٩٣٩) و پەرەسەندنەکانی تری ماوەی جەنگ و دەرهاوێشتەکانی، لەگەڵ دەرکەوتنی جەنگی سارد(هۆکار و ڕواڵەت و دەرەنجامەکانی)..

- خستنەڕووی گرنگترین ئەو ڕووداوو پێشهاتانەی کەوا لەو ماوە مێژووییە هەستیارەدا لەجیهاندا ڕوویاندا و ، لەگەڵ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی هەڵوێستی زلهێزەکان و پەیوەندی و کاریگەری کارو کاردانەوەکانیان بۆ سەر ئەو ڕووداوو پێشهاتانە .ئاشناکردنی قوتابیان بە گرینگترین ئەو سیستم و ئایدۆلۆژیاسیاسییانەی لەو ماوە مێژووییەدا سەریانهەڵدا ، وەکو:شۆڕشی بەلشەفی لەسۆڤیەت و سەرهەڵدانی یەکێتی سۆڤیەت ، دەرکەوتنی هەردوو سیستەمی فاشی لە ئیتالیا و نازی لە ئەلمانیا دا..

-کاریگەری جەنگی دووەمی جیهان بۆ سەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و ململانێی زلهێزەکان و دەرکەوتنی سیستەمی

دوو جەمسەری و جەنگی سارد.

–خستنەرووی هۆکار و رواڵەت و ئەنجامەکانی جەنگی سارد.

## تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە :

- هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کەوا توندبوونی ململانێیە ئیستعمارییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، ڕۆڵی ئاشکراو کاریگەرانەی خۆی هەبوو لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان کە بەلای خۆیەوە دەرەنجامی ئابووری،کۆمەلایەتی،سیاسی گەورەی بەسەر هەلومەرجی نێودەوڵەتیدا هێنا .

- دەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت ، ئەلمانیای نازی و ئیتالیای فاشی چ وەکو سیستەمی سیاسی یان وەکو رێبازو ئایدۆلۆژیای سیاسیی ، لەگرنگترین ئەو پەرەسەندنانە بوون کەوا لە دوای جەنگدا هاتنە ئاراوە .جەنگی دووەمی جیهان لەڕووی کاریگەری هۆکار و دەرەنجامەکانییەوە ، گۆڕانکاری گرنگ و هەستیاری لەجیهاندا هێنایە ئاراوە . سەرهەڵدانی جنگی سارد و دەرکەوتنی بنەمای پارێزگاری لە هاوسەنگی هێزو ململانێی دووجەمسەری ( ڕۆژهەلاَت ) و ( ڕۆژئاوا ) ...هتد ، لەگرنگترین ئەو پەرەسەندنانە بوون.

- پێویستە قوتابی لە ڕێگەی گوێگرتن لە مامۆستا و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی پێویست ئاشنایەتی لەگەڵ مێژوو و ئەو هۆ کارانەدا پەیدا بکات کەوا بوونەتە هۆی دروستبوونی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان .ئەوانەی کەوا ڕاستەوخۆ یان بەشێوەیەکی لاوەکییانە پەیوەندییان بە چارەنووسی مرۆڤ بەگشتی و خوودی قوتابی خۆیەوە هەیە .

- هەوڵدانی قوتابی تاکو لەڕێگەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانستییانەوە بچێتە بنج و بناوانی پرسەکان ، لەم ڕووەوە لۆژیك بکاتە پێوەر تاکو ڕاستییە مێژووییەکان ون نەبن و وەکو خۆیان بخرێنە ڕوو .

## بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە:

**– وردبوونەوە لە ڕووداو و هەڵوێستە مێژووییە هەستیارەکان، ئەوانەی ڕۆڵی کاریگەریان بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا هێناوە، دەکرێ وەکو ئەزموون وەربگیرێن و بە لایەنە ئەرێیەکانیانەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا سوودیان لێ ببینین.**

**– هەڵوێست و پەرەسەندنە مێژووییەکان، لە هەر بوارێکی(ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری...هتد)دا بێت، بە بەراوردکردنی دەرەنجامەکانیان لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆدا، دەبنە کەرەستەیەکی بە بایەخ بۆ نەخشەڕێژی و پلاندانان بۆ ئایندە.**

**– کاری بەگرووپیی و دەستە جەمعی لە نێوان قوتابیاندا بەهەند وەربگیرێت و پەرەی پێبدرێت، چونکە دەکرێ وەکو پڕۆسەیەکی هەرەوەزی وەربگیرێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەویی بکرێت و دووپات بکرێنەوە.**

## • زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە:

**– وردبوونەوە لە ڕووداو و پەرەسەندنەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی (١٩١٤–١٩٤٥)و پەرەسەندنەکانی تری وەکو جەنگی سارد(بەهۆکار و رواڵەت و دەرەنجامەکانییەوە) و کاریگەری و رەنگدانەوەی ململانێی زلهێزەکان لە هاوپەیمانێتی و جەنگ و کێشە هەرێمی نێودەوڵەتییەکان، تێگەیشتن لە پاڵنەر و هۆکارە دیار و شاراوە بزوێنەرەکانی پشت ئەم ڕووداو و پەرەسەندنە مێژووییانە، هەمیشە دەبێتە کەرەستەیەکی زانیاری(مەعریفی) بۆ**

دەرککردن(ادراك) و تێگەیشتن لەو دۆز و پرسە گرنگانەی کەوا هەنووکەیین و مرۆڤایەتییان پێوە سەرقاڵە. لەبەرئەوەی زلهێزەکان ئەو وڵاتانە بوون کەوا پێشتر و ئێستاکەش هەر ئەو وڵاتانەن خۆیان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی هەنووکەیی و بەکارهێنانی ئامرازی سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژیای سەردەمییانەوە، لەپشت زۆربەی ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانن.

## ١١. ئامانجەکانی کۆرس:

به پشت بەستن بە سەرچاوەی مێژوویی پێویست و بەکارهێنانی ئامراز و هۆکارەکانی وانەگوتنەوە، یەکێك لە ئامانجەکان بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەخشینی زانیاری لەبارەی مێژووی زلهێزەکان لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانی وگرنگترینی ئەو پەرەسەندن و ڕووداوانەی لەو ماوە مێژووییەدا هاتوونەتە پێشەوە، تاکو بەهۆیەوە قوتابیان بەهرەمەندبن لەو زانیارانیانەی کەوا دەکرێ وەکو کەرەستەیەکی خاوی توێژینەوەی بواری مێژوو لە پێناو گەیشتن بە لێکدانەوەی دروست و زانستیانە بۆ ڕووداو و پێشهاتە مێژووییەکان سوودیان لێ ببینێت.

هەروەها ئامانج بریتییە لە بزواندنی قوتابیان و هاندانیان تاکو لە ڕێگای سوودمەند بوونیان لە زانیاری پێویست، بتوانن شرۆڤەی دروست و لێکدانەوەی زانستییانە بۆ ئەو ڕووداو و پێشهاتە بکەن کەوا لە سەردەمی ئێستاماندا و لە جیهان بەگشتی، لە کوردستان و ناوچەکە بەتایبەتی هاتوونەتە پێشەوە. بەمەش لە ڕێگای بەراوردکردن و شەن و کەوکردنی بێلایەنانە و زانستیانەوە دەتوانرێت گرفت و کێشە هەنووکەییەکان چارەسەر بکرێت و ڕێ و شوێنی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

هەروەها لەپێناو گەیاندنی پەیام و زانیارییە دەردەست بووەکان، بە پشت بەستن بە خستنەڕووی سەرچاوە سەرەکی و سوودمەندەکان، دەکرێ قوتابیان بەلای خۆیانەوە ببنە ڕەگەزێکی کاریگەر لە پرۆسەی وانەگوتنەوە و سەرنج و تێڕوانینەکانی خۆیان لە بەرامبەر هەر ڕووداو و پەرەسەندنێکدا بخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا وەکو بەشداریکردنێکی کارای ناو پۆل و چالاکییەکانی ڕۆژانە لە پاداشتەکاندا بەهرەمەند دەبن. ئەمەش دەکرێ ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ پابەندبوون بەو مەرج و ڕێکارە پێویستییانەی کەوا لەسەر قوتابی زانکۆ پێویستە لەناو پۆلەکەی بەتایبەتی و خوێندن لە زانکۆ بەتایبەتی پابەندی بێت.

## ١٢. ئەرکەکانی قوتابی:

– یەکێك لە ئەرکەکانی قوتابیان ئەوەیە کەوا لەسەریان پێویستە ڕوژانە ئامادەییان لەناو پۆلدا هەبێت، چونکە هەر ئامادەنەبوونێکیان مانای بێبەشبوونیانە لە وەرگرتنی زانیاری و بەهرەمەندنەبوونیان لە پاداشتی خۆیان لە بەرامبەر چالاکی ڕۆژانەیاندا.

– لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان پێوەرێکی ترن بۆ هەڵسەنگاندنی توانای قوتابیان، بۆیە لەسەر قوتابی پێویستە لە تاقیکردنەوەکان ئامادەبێت تاکو بێبەش نەبێت لەو بڕی نمرەیەی کەوا بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەپێی چەندێتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان دابەش دەکرێت.

–ئەنجامدانی سمینار و ئامادەکردنی ڕاپۆرت(بەگرووپ یان بە تاکیی) دەکرێ وەکو پێویتییەکی بواری ئەنجامدانی چالاکی قوتابی ئەنجامیان بدات و لە بەرامبەریشدا پاداشتی خۆیان وەربگرن.

## ١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە:

بەکارهێنانی لابتۆپ و داتاشۆ بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری پەیامەکان و گەیاندنیان بە قوتابیان . هەروەها بەکارهێنانی تەختەی سپی و قەڵەمی ماجیك بۆ مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە زانیارییەکان.بەشدارییپێکردنی زۆرترین ژمارەی قوتابیان لە وانەکان و پێشکەشکردنی سیمینار و ئەنجامدانی ڕاپۆرت بەشێوەی گرووپ وەکو چالاکی سالأنە.

## ١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:

– ئەنجامدانی تاقیکردنەوە:

١– لەمانگی(شوباتی ٢٠٢٤) لەسەر (١٥نمرە).

٢– لەمانگی(نیسانی ٢٠٢٤) لەسەر(١٥نمرە).

–ئەنجامدانی کورتە تاقیکردنەوە(کوین).

–چالاکی ڕۆژانە و ڕاپۆرت و سمینار ئامادەکردن(١٠ نمرە)

## ١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:

- بە پشت بەستن بە دەرەنجامەکانی تاقیکردنەوە و ئەنجامی چالاکییەکانی تری قوتابی وەکو:(چالاکی ڕۆژانە ، ڕاپۆرت نووسین، کیوزەکان، سمینار ئامادەکردن...هتد) دەکرێ دەرەنجامەکانی فێربوونی قوتابییەکان دەست بکەوێت. گرنگترین هەڵسەنگاندنێکیش لەم ڕووەوە بریتییە لە ئاستی تێگەیشتن و فیدباکی قوتابیان بۆ هەر یەکێك لە بابەتەکان بەگشتی و هەر باسێکیش بەتایبەتی، مامۆستای بەرپرسی کۆرس دەتوانێت ئەنجامی فێربوونی کۆرسەکە لای قوتابیان بەدەست بهێنێت. وا باشترە سالأنە مامۆستا ئەم پرۆسەیە ،لە ڕووی دەرەنجامەکانییەوە، بەراورد بکات. ئەمەش دەکرێ ببێتە زانییەرییەکی بەسوود بۆ مامۆستا تاکو دەرەنجامی کۆششەکانی خۆی لە وانە گوتنەوە بزانێت. کەواتە، مامۆستای بەرپرسی کۆرس دەتوانێت گرنگترین ڕوو و شێوازی وانەگوتنەوە و ئامرازەکانی فێرکردن و زانیاری تازە بەپشت بەستن بە سەرچاوەی تازەی بەدەست هاتوو هەڵبژێرێت و لە کات و شوێنی گونجاودا بەکاریان بهێنێت، تاکو بەهۆیەوە بەرزترین ئاست و ڕێژەی فێربوون بەگشتی و زانیاری نوێ بەتایبەتی،لەلایەن قوتابیانەوە، لە ماوەی ساڵی خوێندنی ئەکادیمیدا (بۆنمونە٢٠٢٣–٢٠٢٤) بەدەست بهێنرێت.

| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| یەکەم: گرنگترین ڕژێم و ئایدۆژیا شموولیەکان لەنێوان هەردوو جەنگدا:<br><br>أ-ئەزموونی نازی لە ئـــەڵـمانــیـا :<br><br>ب-ئەزموونی فاشی لە ئـیــتـاڵــیـا : | پ.ی.د.کامران محمد حاجی |

| | |
|---|---|
| دووەم: قەیرانی ئابووری جیهان:أ –هۆکارەکانی قەیرانەکە:<br><br>ب-رووداوەکانی قەیرانەکە: ب-ئەنجامەکانی قەیرانەکە:<br><br>سێیەم: جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا (١٩٣٦-١٩٣٩):<br><br>أ –هەلومەرجی ئیسپانیا بەر لە هەڵگیرسانی جەنگەکە:<br><br>ب-هەڵوێستی زلهێزەکان لە جەنگەکە:ج-گرنگترین ئەنجامەکانی جەنگەکە:<br><br>چوارەم:پەرەسەندنەکان لە بریتانیا و فرەنسا و ژاپۆن لە نێوان هەردوو جەنگدا:<br><br>أ-لە بریتانیا: ب-لە فرەنسا: ج-لە ژاپۆن:<br><br>پێنجەم: زلهێزەکان و هەڵوێست لەجەنگی دووەمی جیهانی :<br><br>أ –هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگ :<br><br>ب-گرنگترین گرنگترین رووداو و پەرەسەندنەکانی جەنگ :ج-ئەنجامەکانی جەنگ<br><br>١-ئەنجامە سیاسییەکان: ٢-ئەنجامە ئابوورییەکان: ٣-ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکان:<br><br>شەشەم: دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رۆڵی زلهێزەکان تیایدا<br><br>أ-قۆناغەکانی دامەزراندنی رێکخراوەکە:<br><br>ب-گرنگترین ئامانجەکانی: ج- گرنگترین دەزگاکانی:<br><br>حەفتەم:دەرکەوتنی جەنگی سارد (الحرب الباردة The Cold war)<br><br>أ-هۆکارەکانی دەرکەوتنی جەنگی سارد:<br><br>ب-گرنگترین رووالەتەکانی جەنگی سارد:<br><br>ج-ئەنجامەکانی جەنگی سارد:<br><br>هەشتەم/بارودۆخی ژاپۆن لەدوای جەنگی دووەمی جیهان: |

| | |
|---|---|
| | نۆیەم/ زلهێزەکان و گرنگترین هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان:<br>أ-پەیمانی باکوری ئەتلەسی NATO ١٩٤٩:<br>ب-پەیمانی وارشۆ ١٩٥٥ :<br>ج-پەیمانی بەغدا ١٩٥٥:<br>د-هاوپەیمانێتی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا SEATTO :<br>دەیەم/ رەنگدانەوەی ململانێی زلهێزەکان لە کێشە و قەیرانە نێودەوڵەتییکاندا:<br>أ-جەنگی ڤێتنام:<br>٢-جەنگی کۆریا:<br>٣-قەیرانی رۆکێتەکانی کوبا:<br>٤-جەنگی عەرەب- ئیسرائیل:<br>٥-کێشەی قوبرس:<br>**١٦. لیستی سەرچاوە**<br>**سەرچاوە بنەڕەتیەکان،**<br>-د.خليل علی مراد و اخرون،دراسات في التاريخ الاوروبی الحديث، الموصل ، ١٩٨٨<br>-محمود انس العلي، الحرب الباردة بين القوى العظمى.<br>-دعمار شاكر الدوري و د.حارث عبدالرحمن التكريتی، تاريخ أوربا الحديث ١٧٨٩-١٩١٤، دمشق، ٢٠١٧.<br>-محمد محمد صالح و آخرون:الدول الكبرى بين الحربين العالميتين.<br>-د.محمد حمزة حسين الدليمي و د.لبنى رياض الرفاعي، تاريخ الدول الكبرى ١٩١٤-١٩٩١، دمشق، ٢٠١٨.<br>-د.عبدالعزيز سليمان نوار و د.عبدالمجيد نعنعي ، التاريخ المعاصر (اوربا) ، بيروت ، ٢٠٠٩ .<br>-فشر، تاريخ اوربا في العصر الحديث ١٧٨٩-١٩٥٠، ت:احمد نجيب و وديع الضبع، القاهرة، ١٩٩٣.<br>- سەعدی عوسمان هەروتی:مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی |

| | |
|---|---|
| | ئەمریکا/ لەدەسپێکەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی.<br>– ئەحمەد نەقیب زادە ،مێژووی دبلۆماسی و پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان .<br>• سەرچاوەی سوودبەخش:<br>–جلال يحيى: تاريخ اوروبا في العصور الحديثة.<br>–نيرمين سعدالدين ابراهيم: صعود النازية(المانيا بين الحربين العالميتين).<br>–جان كلود بارو و غيوم بيغو، التاريخ الكامل للعالم.<br>– د. فاضل حسين و د. كاظم هاشم نعمة : التاريخ الاوروبي الحديث ١٨١٥–١٩٣٩ ، الموصل ، ١٩٨٢.<br>–جفري برون: تاريخ اوربا الحديث.<br>–يوسف بشير و ابتهال جمال، الاستراتيجيه الامريكيه تجاه الشرق الاوسط.<br>• گۆڤار و ريڤيو(ئينتەرنێت)موسوعة تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر<br>- موسوعة تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر (bar.bibalex.org)<br>- الحرب العالمية الاولى / الاسباب و النتائج ( www.achamel.info.com )<br>- العلاقات الدولية واسباب الحرب العالمية الثانية ( clicki 1-3.org ) |
| | ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**١. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەر بکرێت

**٢. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**٣. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**٢٠. تێبینی تر**

-دەکرێ بەپێی دەستکەوتنی سەرچاوەی تازە چاپکراو و زانیاری تازە گۆڕانکاری بەسەر هەندێ لە هەندێ ناونیشانی لاوەکیدا بکریت، ئەگەر پێویستی کرد. ئەمەش بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و بەهرەمەندبوونی قوتابییانە لەو زانیاری و سەرچاوە تازانە.

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.